کوژرانی بەرپرسێکی سوپای پاسداران لە لوبنان



وتەبێژی سوپای ئیسرائیل ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، لە بۆردومانێکی ئیسرائیل بەسەر ناوچەی ناسریە لە لوبنان، "دیارترین ئەندامی یەکەی ئێپەڕاسیێنەکانی سوپای قودسی ئێران"یان کردبووە ئامانج .

ئەفیخای ئەدرعی وتەبێژی سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند، "بە ئامانجگرتنی حسێن جەوهەری لە لێگەی ئێپەڕاسیێنکی هاوبەشی نێوان سوپا و دەزگای ئاسایشی شاباك ئەنجامدراوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، حسێن جەوهەری سەر بە یەکەی 840ی ئێپەڕاسیێنەکانی سوپای قودسی ئێرانە ، و لە ساڵانی ڕابردودا ئێپەڕاسیێنی دژی ئیسرائیل لە بەرەی سوریا و لوبنان ئەنجامداوە.

وتەبێژی سوپای ئیسرائیل باسی لەوەشکردوە، حسێن جەوهەری لەژێر فەرماندەیی سوپای

پاسدارانی ئێران کاری کردوە و بەشداری لە چالاکییەکانی دژ بە ئیسرائیل و هێزە ئەمنییەکان لەژێر ئاراستەی ئێراندا کردوە، یەکەی 840یش یەکەی ئێپەراسیۆنەکانی سوپای قودسە کە ئەسغەر باقری سەرکایەتی دەکات و محەمەد هەزا ئەنساری جێگرەکەیە و بەرپرسیارە لە ئاراستەکردنی چالاکییەکانی ئێران دژی ئیسرائیل.